# بزوتنەوەی شورایی لە کوردستانی عیراق

**ئامادەکردنی ڕێنوار جبار**
renwar_jabar2@yahoo.com

(3)

## پێکهاتنی شوراکان و ڕێکخروبوونی لە ئاستی سەراسەریدا

سەرەتای کۆکردنەوەی هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی شوراییە لەناوەندێکدا، هەڵسوڕاوانێك کە لەئاستی سەرتاسەریدا کارماندەکرد، لەدەوری یەك کۆبووینەتەوەویەکەمین دانیشتنی هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی شوراییمان سازداوە، لەبنکەی

قوتابخانەی ئاوات کە دوو ڕۆژە پێکهاتووە، وە بڕیاری پێکهێنانی "دەستەی بەرەو پێشبردنی بزووتنەوەی شورایی"ماندا، بەکردەوەش هەر قوتابخانەی ئاوات بوو بەبنکەی "دەستەی بەرەو پێشبردنی بزووتنەوەی شورایی. وە پلاتفۆرمێك کە بۆ ناساندنی دەسەڵاتداریێتی شوراکان نووسیبوومان دەبێتە پلاتفۆررمی ئەم ناوەندە.

هیچ ڕوانگەیەکی ڕۆشن لەشورا نییە، تەنانەت لە نێو هەڵسووڕاوانی شوراییەوە بگرە تا دەگاتە کۆمەڵانی کرێکارو زەحمەتکێش، ئەم ناڕۆشنیە هەیە. پێویستمان بەنەخشەی گەڵاڵەکراو و خەتی سیاسیو ڕێکخراوەیی هەیە، دەبێ ڕوانگەو ڕواڵەتێکی ڕوونو ڕەوانمان لە شوورا نیشاندابێت، شورا چییەو چۆن پێك دێت؟ بۆچی پێویستە؟ وەئاسۆی شوراکان، ئەمڕۆ شورا دەبێ چی بکات؟ دەوڵەتی شورایی چۆن دەوڵەتێکە؟ کۆمەڵ چۆن بەڕێوە دەچێتو شتیتری لەم چەشنە... چەند تێزو شیکردنەوە دەربارەی شورا دەبێت بنووسرێتو خێرا بلاوببێتەوە، پێشتر هەندێکمان ئەنجام دابوو وە بڵاومان کردبۆوە، لەوانە پایەو بنەماکانی شورا، شورا کرێکارییەکانو پەیوەندییان لەگەڵ شورای گەڕەك، پەیوەندی شوراکان لەگەڵ حیزبە نا کرێکارییەکان، وە بڕێك لە ئەرکە فەورییەکان لەوانە چەکداربوونی گشتیو هەڵوەشاندنەوەی هێزە چەکدارەکانی ڕژێم ، بەتایبەت فەوجەکانی خەفیفە.... ئێستا سەرخەتی قانونی بنەڕەتی، قانونکار، مافی ژنانو مافی زەحمەتکێشانو پەیڕەوی ناوخۆی شوراکان دەبێ بنوسرێت. ئەم کارە دەکەین، لەهەمان کاتدا کار بۆ لێك گرێدانی شوراکان لە کارگەو گەڕەکەکان بەدەستەی ناوندی بزووتنەوەی شورایی بە سەرئەنجام گەیشتووە، نوێنەرانی ئێمە لەوێدا ئامادەن.

لەهەموو گەڕەکەکانو بنکەکاندا هەڵسوڕاوانی شوراییو دەیان کەس لەلاوانو کرێکاران دەست بەکارن، ئەمانە پشتیوانو پارێزەرانی شوراکانن، بەلام هێشتا تا پێکهێنانی شورای ڕاستەقینەی جەماوەری، بۆشاییەك هەیەو کاری پێویستە کە بۆی بکرێت، ئەمە لە حاڵەتێکدایە کە حیزبەکانی "بەرەی کوردستانی" هیچ قسەیەکیان بۆ خەڵك نییەو ورتەیان لێوە نایەت، داخۆ لەداهاتوودا چ دەکرێت؟ چی دەگوزەرێت؟ لەڕوانگەی ئەوانەوە دەسەڵات داسەپێنراوەو مسۆگەربووە: هەموو دەسەڵاتێك تایبەتە بە حیزبو هێزە چەکدارەکانی ناو "بەرە"، بەلام کرێکارانو جەماوەری خەڵك لە دەوری شووراکان، وە لەکۆڕو کۆمەڵو لەنێو ماڵەکانیاندا لەگەڵ قسەکردن لەسەر دەخالەت کردن لە چارەنووسی خۆیان دەستو پەنجە نەرم دەکەنو بەم مانایەش شورا وەبیر دەهێنرێتەوەو دەناسرێت... بەدەربەست بوون بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش، دەخالەتی ئەوان، ئازادیو کارکردنیان، زەمانەتی کۆمەڵایەتیو نانو دەرمانو دکتۆریان، شورا تادێت ناوی خۆی بەم داخوازییانەوە گرێ دەداتەوە.

ئێستا 14ی مارسە و ژمارەیەکی بەرچاو شورا لەگەڕەکەکانو لەناو کرێکاراندا پێکهاتووە، کەفو کوڵی شورا پێکهێنان بەرچاوەو زۆرە، لەزۆرێك لەگەڕەکەکان، لاوانو کرێکاران لەدەوری یەك کۆدەبنەوەو بنکەی شورایی دادەمەزرێنن، تادواتر بتوانن شوراکانی خۆیان پێکبهێنن. شوراکانی کرێکارانی شارەوانی، ئاوو کارەبا جگەرەو ئەلبیسە... لەکاتی خۆگرتندان.

پەیڕەوی ناوخۆی شوراکان و یاسای کار هەرلەم ڕۆژەدا نووسرانو لەنێو کرێکاراندا بلاودەبنەوە. هەروەها هەر لەم ڕۆژەدا هەواڵی ڕزگاربوونی شاری هەولێر دەگاتو ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر بوونی گەرموگوڕیو متمانەی کۆمەڵانی خەڵکی. لەم شارەشدا هەروەك ڕاپەڕینی سلێمانی بووە، ڕەنگە لەوێ کەمتر کوژراو هەبێ، بەلام بەگشتی ژمارەی کوژراو و برینداری ئەم دووشارە نزیك بە 500 کەس دەبێ. کوژراو و بریندارانی هێزەکانی ئەمنو ئیستخباراتی سەر بەدەوڵەت زۆر لەمە زیاترە.

پاش ڕاپەڕینی چەکدارانەی خەڵکی شاری هەولێر، هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیست، کارو هەڵسوڕانێکی هەمەلایەنەیان دەست پێکردووە بۆ پێکهێنانی بنکە شوراییەکانو ڕێکخستنی شوراکان لەکارگەو دامەزراو و گەڕەکەکان... سەرئەنجام ڕۆژانی 13و14ی مارت لە ناوەندی شار لەنزیک بینای پارێزگای هەولێر کەدەکەوێتە نزیك قەڵای هەولێر، دوو بنكەی سەرەکی شوراکان پێکهاتن. سەرەڕای ئەوەی ئەو ناڕۆشنی‌یانەی کەهەبوون لەسەر شورا وای دەکرد بەشێك لەهەڵسوڕاوان، شورای کرێکاری بەجیاواز وپێچەوانەی شورای گەڕەکەکان بزانن، هەر لێرەشەوە بەشێك لە وزەو تواناکان بەهەدەر دەچوون، بەڵام بە کردەوە ئەم دوو بنکەیە جێگایەك بوون بۆ بردنە پێشەوەی کارو هەڵسوڕان بۆ پێکهاتنی شوراکان لەکارگەو گەڕەکەکان. لێرەوە بەیاننامەو بانگەوازەکان بۆ پێکهێنانی شوراکان لەکارگەو گەڕەکەکان وەلەئاستی سەرتاسەری‌دا، بەتەواوی شاردا بڵاودەبوونەوە، هاوکاتیش دەستەدەستە هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی شوراییو جەماوەرێکی زۆر لەکرێکارو زەحمەتکێش لەکارگەو گەڕەکەکانو شوێنەکانی ترەوە دەهاتن بۆ بنکەی سەراسەریو قسەو باس وتەنسیقی پێویستیان دەکرد، لێرەوە دەچوون بەشوێن پێکهێنانی بنکەی شوراکانوکۆبوونەوە گشتی‌یەکان وە بۆ پێکهێنانی شوراکان لەکارگەو گەڕەکەکان... سەرئەنجام لەسێ کارگەی سەرەکی شاری هەولێر (نەسیجو دەواجنو کارگەی جگەرە) شورا پێکهاتنو لە (17) گەڕەکیش بنکەی شوراکان دامەزران.

لەئاستی سەراسەری شوراکاندا بۆ سەرپەرشتیو بەڕێوەبردنی کارەکان لەکۆمیتەی باڵادا (5) لیژنەی سەرپەرشتی پێکهاتبوون، لەوانە لیژنەیەك بۆ پڕوپاگەندەو لیژنەیەك بۆ چاپو بڵاوکردنەوەو لیژنەیەك بۆ سەرپەرشتی چەکداری شوراکانو لیژنەیەك بۆ پەیوەندی‌یەکان لەگەڵ شوراکانی شاری سلێمانیو شوێنەکانی‌تر... بنکەی شوراکان لەکارگەو گەڕەکەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەم بنکە سەراسەری‌یەوە دەکردو پێداویستی‌یەکانیان لێرەوە وەڵام دەدرایەوە.

"دەستەی بەرەوپێش بردنی بزووتنەوەی شورایی" وەکو ناوەندێکی سەراسەری بۆ رابەریو ڕێنوێنی‌کردنی شوراکان لە شاری سلێمانی لەرۆژی 1991/3/12 پێکهات, لە سەروبەندی کێشمەکێشەکانی "بەرەی کوردستانی" لە دژی شوراکان لە ڕێکەوتی 1991/3/18 هەڵوەشایەوە بە هۆی سازشی بەشێك لە هەڵسوراوانی ئەم دەستەیە لەگەڵ "بەرە", لەوەو بەدوا "کۆمیتەی نوێنەرانی شوراکان" رابەرو ڕێنوینکەری شوراکان بوو .ئەمەی لە خوارەوە دیخوێننەوە یەکێك لە بەیاننامەکانی ئەو دەستەیەیە.

## داواکاری‌یە سیاسی و ئابووریو کۆمەڵایەتی‌یەکانی شوراکان

ئازادی بێقەیدو شەرتی سیاسی (ئازادی بیروباوەر, چاپەمەنی, ئازادی کۆبوونەوە, خۆپیشاندان و مانگرتن, ئازادی پێکهێنانی هەر جۆرەرێکخراوێکی سیاسی و پیشەییو رۆشنبیریو ئەدەبیو یەکێتیو نەقابەیەك).

بەشداری راستەوخۆی ئازادانەی هەموو مرۆڤێك وەك ئەندامانی کۆمەڵ لە چارەنووسی کۆمەڵ, وە بەریوەبردنی کاروباری وولات لە سەر تا خوارەوە دەبێ لە لایەن دەزگا هەڵبژێردراوەکانی خەڵکەوە بێت و بەبەشدار بوونی راستەوخۆی خەڵك بێت.

سوپای عێراق و هێزە چەکدارە تایبەتی‌یەکان لە بابەتی ئەفواج خەفیفەو جەیشی‌شەعبی و قوات خاصە دەبێ هەڵبوەشێنرێتەوە.

تەواوی دەزگا جاسوسیو سەرکوتگەرەکان (ئەمن, یستیخبارات...) وە تەواوی‌دادگا نهێنی‌یە تایبەتی‌یەکان دەبێ هەڵبوەشینرینەوە وە دادگای شۆرشگێرانەی ئاشکراو هەڵبژێردراو دابمەزرێت.

هەموو کەسێك ئازادە هەردینێك هەڵبژێرێت, یان بێ‌دین بێت, وە دین دەبێت جیا بێت لە دەوڵەت. مافی دیاری‌کردنی چارەنووس مافی هەر میللەتێکە, میللەتی کورد دەبی ئازاد بێ لە دیاری‌کردنی چارەنووسی خۆیدا بە هەر شێوەیەك کە بەرەزامەندیو رای گشتی جەماوەر و خەڵکی راپەریو و زەحمەتکێش بێت.

ئافرەتان ئەبێت لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا لەگەڵ پیاواندا یەکسان بن وەك بەرهەم هێنان و کارکردن و سەرپەرشتی خێزان و بوارەکانی سیاسی و رۆشنبیری و پەرەپێدان و بەشداری‌کردنی دەسکەوتەکانی خزمەت بە کۆمەڵ.

بەردانی دەستبەجێی هەرسیاسیەك کە هەبێت و هیچ کەس نابێت بە هۆی سیاسی بوونیەوە وە یان لە ژێر بیانووی تێکدانی ئاسایشی دەوڵەت و "تەخریب" دژی دەوڵەت بگیرێت.

هەموو کەس دەبێت ئازاد بێت چەکی هەبێت یان چەك هەڵبگرێت, واتە کەس نابێ رێگربێت لە بەرامبەر چەکداربوونی جەماوەری راپەریدا.

کۆچ پێ‌کردنی زۆرە ملێی خەڵك قەدەغەیە, هەموو کەسێك بۆ هەڵبژاردنی شوێنی ژیانی خۆی‌و شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی‌و سەفەرکردن بۆ هەر شوێنێك بیەوێت بە تەواوی ئازادە.

**دەستەی بەرەوپێش بردنی بزووتنەوەی شورایی**
1991/3/12




**یەکێك لەسەیارەکانی دەستەی بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی شورایی لە شاری سلێمانی**